# ئەو

چنار نامق

(ئەو) جۆرە گوڵێکی کێوییە
لەچیمەنی حەوشەکەی دڵما ڕواوە
سەوزایی مێرگ و ڕەنگ وبۆی
لەدرەختەکانی سەر زەوی بڕیوە
چەندین ساڵە باخەوانی باخچەکەمان
لەڕەگەوە دەریدێنێ
زەمەنێك لێم ون دەبێت و
گاهێکی دی
بەبەرچاوما سەر دەردەکا
پزیشکەکان لە تیمار کردنم شکستیان برد
گووتیان
نەخۆشییەکی کوشندەیە
بەنێو شادەمارەکانم دێت ودەچێت
کەبەبۆری هەناسەم دا دەگوزەرێ
پشووم تەنگە
و لێناگەرێ ئاسوودانە
هەوای سەر  زەوی هەڵمژم
جگەلە خۆی
بۆنی عەتری گوڵێکی دیکە وەرگرم

**بۆنی خۆشی ژەهراوییە**

**رۆژێك بە ڕێكەوت (ئەوم ) دی**

**ژەهرە ماچێكی تێگرتم**

**لەوساتەوە تێگەیشتم ژیان**

**گەشتێكی بێمانایە**

**بەنێو سات و ڕۆژ و مانگ وسەدەكاندا**

**زانیم چیتر بەخەونیش**

**زەردەخەنە نارژێتە سەر لێوەكانم و**

**شادی لەدرزی نیگاكانمەوە سەر دەرناكا**

**ئیدی بریارمدا ببم بە هاودەمی تەنهایی**

**( ئەو ) ئیرەیی**

**بەتەرزی گەڵامێوەكەی باخچەكەم دەبات**

**نازانێ بەژنی خۆی زۆر لەو باڵا ترە**

**( ئەو ) ركی لە دارهەنارەكەی ماڵمان دەبێتەوە**

**نەكا سورایی بڕژێنێتە سەر لێوەكانم**

**( ئەو ) دەریایەكی مەنگە**

**بەئاستەم لێی نزیك ببیەوە**

**نوقمی نائارامیت دەكا**

**( ئەو ) هەمیشە پێم دەڵێت**

**گشت سێوەكان بۆ تۆ ڕەوان**

**بەڵام بۆ ئەوانی دی نا**

**سەردەمێكە ئاوێتەی خەمەكانی ( ئەو )بووم**

**دەترسم ڕۆژێك بڕوات و بەشوێن**

خەمی کۆچیدا بگرێم

( ئەو ) مرۆڤێکە بێ بەزەیی

لێزانانە

بەرەو دوورگەکانی ناخم هەنگاو دەنێت

تکای لێ دەکەم جێم بێڵێ

تیژ تر بەرەو کانگای دڵم

ئەسپەشێی هەنگاوەکانی تاودەدا

ئاشنای دەبم

ئەودەم سیمایم لێ ون دەکا

دەیەوێت هەمیشە

بەدووی سێبەری باڵایدا گەریدەبم

ئەو کەپانتاییەکانی هزرم تاپۆ دەکا

لێناگەرێ

بواری بیرکردنەوەم هەبێ

کەلەئاسماندا دەدرەوشێتەوە

رێ لەرووناکی مانگ وئەستێرەکانی دی دەگرێ

(ئەو ) کەسەفەریش دەکا

رووحیانەتی لەناو دڵم و سێبەریشی

لەنێو ئەندێشەمدا جێدەهێڵێ

سەیرە ئاوێتەی یەکدی بووین

خۆ زمانی پەیڤینیشمان بەیەك ناچێت

لەقەراغ دیوارەکانی عوزلەتەوە

بیر لە دەقێکی ئاسمانی دەکەمەو

**فەتوای مردنی عیشقت  بدا**

**بیر لەچامەیەك دەكەمەوە**

**تۆ پاڵەوانی  نەبیت وبیرۆكەی نووسینیت**

**لەهزرم دانەڕشتبێ**

**گشت پلانەكانی دنیام گرتە بەر**

**نەمتوانی تارماییت**

**لە نێو شۆستەكانی دڵم دەربێنم**

**كەبەشەقامەكاندا تێدەپەڕێت**

**دەرگاكان درز دەبەن و**

**پەنجەرەكان**

**گوێ بۆ ترپەی پێی هەڵدەخەن**

**نیگای شڵەژاوم نەبێت لەشەرمانا**

**بیری دەچێت تێی بڕوانێ**